# مەرگی فیدڵ کاسترۆ، سەرسەختترین نەیاری ئەمەریکاو خۆرئاوا

رۆژی 25ی نۆڤەمبەری 2016، فیدڵ کاسترۆ باوکی روحی شۆڕشی کوباو یەکێك لە سەرسەختترین ناحەزانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو سیستمی سـەرمـایـەداری لە تەمەنی 90 ساڵیدا لە هاڤانای پایتەختی کوبا کۆچی دواییکرد. کاسترۆ بۆ ماوەی 45 ساڵ لە بەرامبەر دژایەتی و ئابڵۆقەی ئابوری سەپێنراوی ئەمەریکا بەسەر کوبادا خـۆی راگـرت و تەنانەت سیستمە کۆمۆنیستیەکەی کوبا لە پاش هەرەسهێنانی زۆرێك لە سیستمە کۆمۆنیستییەکانی تری جیهان لە یەکێتی سۆڤێت و خۆرهەڵاتی ئەوروپا هەر لەسەر پێی خۆی وەستاو مایەوە. کاسترۆی پارێزەرو سەربازو سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی کوباو رابـەری شۆڕشی کوبا سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە پارێزگاریکردن لەو ئاڵا سورانەی لەپێش دەرگای دوژمنە گەورەکەی واتە ( ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا) دەشەکانەوە.

FOCUS

لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو، فیدل کاسترۆ ئاشنایەتی لەگەڵ شۆڕشگێڕی ئەرجەنتینی (ئەنستۆ چێ گیڤارا)دا پەیدا کردو لە مەکسیك یەکترییان بینی. کاسترۆ لە تەمەنی سیاسی و سەربازی خۆیدا روبەڕوی چەندین هەوڵی تیرۆرکردن و دەستێوەردانی ئەمەریکا بۆوە، بەڵام لە سەرجەمی ئەو هەوڵانە دەربازی بوو، پاشان بووە نموونەی خۆڕاگری لە دیدی گەلان و سەرکردەکانی وڵاتانی تری ئەمەریکای لاتین و وڵاتانی تری جیهان. هۆگۆ چاڤێز، سەرۆکی کۆچکردووی ڤێنزوێلا دیارترین نموونە بوو لەسەر شوێنپێ هەڵگرتنی کاسترۆ لە رووی پیادەکردنی سیاسەتی بەرەنگاربوونەوە و روبەڕوبوونەوەی ئەمەریکا. بەپێی راپۆرتەکان، ئەمەریکا زیاتر لە (600) پیلانی بۆ کوشتنی فیدل کاسترۆ دارشتووە، بەڵام کاسترۆ هەر مایەوە لە کاتێکدا لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا (9) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا گۆڕان.

**کاسترۆ لە منداڵیەوە کەسێکی سەرکێش و یاخی بووە لەو ژیانە دەوڵەمەندییەی لە سایەی خێزانەکەیدا هەیبووە، بۆیە هەستی بە جیاوازییەکی گەورە کردووە لە نێوان خۆشگوزەرانی ژیانی خۆی و سەختیی ژیان و هەژاریی کۆمەڵگەکەی.**

## رێگە بەرەو شۆڕش

کاسترۆ هەر لە منداڵیەوە کەسێکی سەرکێش و یاخی بووە لە بەرامبەر ئەو ژیانە دەوڵەمەندانەی کە لە سایەی خێزانەکەیدا هەیبووە، بۆیە هەستی بە جیاوازییەکی گەورە کردووە لە نێوان خۆشگوزەرانی ژیانی خۆی لە ئامێزی خێزانەکەی و سەختی ژیان و ئەو هەژارییەی کە کۆمەڵگەکەی تیایدا بووە. کاسترۆ لە ساڵی 1953 لە دژی رژێمی ڤالگنسیۆ پاتیستا هەڵگرت و رابەرایەتی 100 کەس لە لایەنگرانی کرد، بەڵام سەرەتا هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو خۆی رائولی برای زیندانی کران و لە دوای دوو ساڵ ئازاد کراو لەسەر هەڵمەتەکەی بەردەوام بوو بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی پاتیستا لە رێگەی تاراوگە لە مەکسیك، هێزێکی چەکداری بە ناوی بزووتنەوەی 26ی یۆلیۆ دامەزراند. بیروڕا شۆڕشگێڕییەکانی کاسترۆ لە کوبا دەنگیدایەوەو پشتیوانی لێکرا، لە ساڵی 1959دا هێزەکانی سەر بە شۆڕشی کوبا توانییان کۆتایی بە دەسەڵاتی ژەنراڵ پاتیستا بهێنن، کە هێمایەك بوو بۆ گەندەڵی و نایەکسانی و بێدادی. دواتر کاسترۆ دەسەڵاتی وڵاتەکەی گرتەدەست و هەرزو سیستمی وڵاتەکەی گۆڕای بۆ سیستمی کۆمۆنیستی و کوبا بووە یەکەمین دەوڵەتی جیهانی خۆرئاوایی کە سیستمی کۆمۆنیستی پەیڕەو کردو بە شێوەیەکی توند کەوتە دژهیەتیکردنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو خۆرئاوا، کە ماوەی نیو سەدە بەردەوام بوو.

## بنەچەی کاسترۆ ئەورووپییە

کاسترۆ لە بنەڕەتدا خەڵکی ئیسپانیایە و خانەوادەکەی لەوێوە کۆچیان کردووە بۆ کوبا و خودی کاسترۆ لە کوبا لەدایك بووە، بەڵام خانەوادەکەی بەر لەوەی بۆ کوبا کۆچ بکەن، لە ئیسپانیا خەریکی کشتوکاڵ بوونە و دوای چوونیان بۆ کوبا و لەدایکبوونی کاسترۆ لە تەمەنی 1945 لە زانکۆی هاڤانا لە بواری یاسا خوێندوویەتی و سەرەتا وەك پارێزەر کاری کردووە و دواتر حەزی لە گەیشتن بە پەرلەمانی کوبا بووە، دواتر گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی بە شۆڕش نەبێ حوکمی

دیکتاتۆری باتیستای سەرۆکی ئەوکاتی کوبا کۆتایی نایەت، ماوەی 15 ساڵ بەهۆی کارەکانیەوە لە بەندیخانە بووە و دواتر بۆ مەکسیك راگوێزراوە و لەوێ لەگەڵ چێ گیڤارا یەکتریان ناسیوەو بەیەکەوە بناغەی شۆڕشێکی پتەویان داناوە و دواتر سەرکەوتوو بوون لە شۆڕشەکەیان و لە ساڵی 1959 لە دوای روخاندنی رژێمی ڤۆلگنسیۆ پاتیستا کاسترۆ حوکمی کوبای گرتە دەست.

## کاسترۆ و دژایەتیکردنی ئەمەریکا

لە ساڵی 1961 ئەمەریکا بە کۆکردنەوەو یارمەتیدانی دژە شۆڕشەکان و سەرپەرشتی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا CIA بۆ کودەتایەکی نوێ، هێرشی کردە سەر کەنداوی بەرازەکان، بەڵام هێرشەکە تێکشکا .لە 15/ 1962/10 فڕۆکە سیخورییەکانی ئەمەریکا چەندین سەکۆی موشەکی بالیستیی سۆڤیەتیان لەسەر خاکی کوبا دۆزییەوە، کە بە قەیرانی موشەکی کوبا بەناوبانگە، کاسترۆ لە 27/ 10/ 1962 داوای لە نیکیتا خرۆشۆف سەرۆکی ئەو کاتەی یەکێتی سۆڤێت کرد کە هێرشی ئەتۆمی بکاتە سەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بەڵام ئەم کێشەیە بە کێشانەوەی موشەك و سەکۆکان کۆتاییان پێهات، بەو مەرجەی ئەمەریکاش لە تورکیا ئەو کارە بکات و بەڵێن بدات هێرش نەکاتە سەر کوبا .

کاسترۆ پەیوەندی لەگەڵ پاپاو مەزهەبی کاسۆلیکی مەسیحیدا خراپ بوو، تا هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی خۆرهەڵات، دوای ئەوە وردە وردە پەیوەندی نێوان ڤاتیکان و کوبا زۆر باش بوو. پاپا ژان پۆڵی دووەم لەو بارەوە رایگەیاند: مەسیحیەت پشتیوانی لە سیستمی سۆشیالیستیی دەکات، پاپا چووە سەردانی کوباو کاسترۆ لە بارەی پاپاوە رایگەیاند: «ئێمە ئەمرۆ هاودەنگ و هاوڕاین». ئەمەش ئاماژە بوو بە رێزگرتن لە دروشمی پارتە سۆشیالیستییەکانی جیهان .تەندروستی فیدل کاسترۆ لە ساڵی 2006 زۆر تێکچوو، بۆیە لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا گشت دەسەڵاتەکانی دایە رائول کاسترۆی برای، بەڵام دواتر لە ساڵی 2008 بە تەواوی ئەو کارەی بە ئەنجام گەیاندو بۆ هەمیشە لە پۆستی سەرۆکایەتی کوبا دوورکەوتەوە و رائولی برای بووە سەرۆکی وڵات .

ئەگەرچی کوبای کاسترۆ هـەر لە سـەرەتـاوە کەوتە ژێر گەمارۆیەکی توندی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی، بەڵام توانی وڵاتەکە لەو قەیرانە ترسناکە رزگار بکات ، لەو وڵاتەدا ساڵانێکە خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا بەخۆڕاییە و کەرتی تەندروستیش هەموو خزمەتگوزارییەکانی خۆڕایین و لەم کەرتانەشدا یارمەتی گەلانی تری جیهانیان داوە . بە تایبەتی گەلانی شۆڕشگێڕ ، ئەمە لە کاتێکدایە تەنیا داهاتی وڵات لە بەرهەمهێنانی شەکرەوە بەدەست دەهێنرێت .

فیدل کاسترۆ یەکێکە لە سەرکردە کاریگەرەکانی کیشوەری ئەمەریکای لاتین، کە لە دوای خەباتێکی زۆری سیاسی و دژایەتی هەژموونی ئەمەریکا، توانی ببێتە پێگەیەك بۆ گۆڕانکاری لە کیشوەری ئەمەریکادا، کە هەمیشە ئەو کیشوەری ئەمەریکای لاتینی بە حەوشەی پشتەوەی خۆی زانیوە، هەربۆیە لە دوای کودەتا سپییەکەی بەرازیل لە دژی سـەرۆك دیلما رۆسیڤ، واشنتۆن هەوڵدەدات لەو وڵاتانەی کیشوەری ئەمەریکای لاتین کە ئێستا بوونەتە جێگەی هیوای جەماوەرەکەیان، کودەتای هاوشێوە رێك بخات. بە بڕوای چاودێران ئەو وڵاتانەی لەژێر هەژمونی سیاسی و ئابوری ئەمەریکادا دەرچـوون، گەشەی دیموکراسی و ئابوری گەورەیان بەخۆیانەوە بینیوە، بۆیە ئەمەریکا دەیەوێت بیانگێڕێتەوە ژێر چەپۆکی خۆی تاکو زیاتر ملکەچیان بکات.

## دیارترین هەوڵەکانی تیرۆرکردنی کاسترۆ

لە ساڵی 1959 هەواڵگری ئەمەریکا، ماریتا لۆرێنزی ئەکتەری بۆ تیرۆرکردنی فیدل کاسترۆ بەکارهێنا، بۆ ئەوەی بەهۆی جوانیەکەی سەرنجی ئەو سەرکردەیە رابکێشێت و ببێتە خۆشەویستی و دواتریش لە رێگەی حەبی ژەهراوییەوە تیرۆری بکات، بەڵام ئەو خانمە ئەکتەرە بەر لە ئەنجامدانی کارەکەی دەستگیرکرا.

## جگەرەی ژەهراوی 1960

ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا، لە ساڵی 1960 و لەکاتی سەردانیکردنی فیدل کاسترۆ بۆ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، جگەرەی ژەهراوی لە ژووری سەرۆکی کوبا دانا، بۆ ئەوەی لەکاتی بەکارهێنانی بە ژەهرەکەی تووشی نەخۆشی هەوکردنی سیپەکانی بێت و بەهۆیەوە گیان لەدەست بدات، بەڵام ئەو هەوڵەش شکستیهێنا.

## سەدەفی دەریا

پلانەکە خۆی لە رەنگاورەنگکردنی سەدەفی دەریادا دەبینەوە، بۆ ئەوەی بۆمبی هاوشێوەی سەدەفی رەنگاورەنگ لەژێر دەریا دابنرێت و پێیدا بتەقێتەوە، بەو پێیەی ژێردەرياییکردن یەکێك بووە لە خوولیاکانی کاسترۆ، بەڵام پلانەکە جێبەجێ نەکرا.

## جلوبەرگی دەریایی 1963

دوای ئازادکردنی سەرکردەکانی شۆرشی ”کەنداوی بەراز“ کە لە دژی کاسترۆ هەڵگیرسا و لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە پاڵپشتی دەکرا، ئەمەریکا بڕیاریدا دیارییەك بداتە کاسترۆ، ئەویش جلوبەرگی ژێردەریایی بوو، بەڵام ئەو جلوبەرگە بەکتریای تایبەتی پێوەکرابوو، بۆ ئەوەی کاسترۆ تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن بکات، بەڵام پارێزەرە دانووستانکارە ئەمەریکییەکە، رەتیکردەوە.

## قەڵەمی بکوژ 1963

هەواڵگری ئەمەریکا، توانی رۆنالدۆ کۆپیلای هاوڕێی نزیکی کاسترۆ بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی لە رێگەی قەڵەمێکی ژەهراوی، هاوشێوەی دەرزی لە جەستەی کاسترۆ بدات و بیکوژێت، بەڵام بە تیرۆرکردنی جۆن کەنەدی، پلانەکە دواخرا و جێبەجێ نەکرا.

لەناو کەشتیەکی چارۆکەداردا کاسترۆ و هاوڕێکانی لە مانگی 12 / 1956 لە مەکسیکەوە گەیشتنە کەنارەکانی کوبا، ئەم جولانەوەیان ناونا بزووتنەوەی 26ی یۆلیۆ ، لە کاتی دابەزینیاندا لە ناکاو سوپا هێرشی کردنە سەریان و تەنیا (40) کەسیان توانیان پاشەکشە بکەن بۆ چیاکانی سێرامایسترا، لەوێوە جەنگی پارتیزانییان دەستپێکرد. بەرە بەرە خەڵکی کوبا و هەندێك لە ئەفسەران و سەربازانی سوپای ئەو وڵاتە پەیوەندییان پێوە کردن و لە دوای گوشاری شۆڕشی کوبا بە سەرکردایەتی کاسترۆ، لە 1ی کانوونی دووەمی 1959 پاتیستا لە هاڤانای پایتەخت هەڵات و بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە 300 کە لە شۆڕشگێران بە فەرماندەیی چێ گیڤارا چوونە ناو هاڤانای پایتەخت و شۆڕش سەرکەوتنیان بەدەستهێنا .

کاسترۆ لە سەرەتادا ویستی خۆی رانەگەیاند، بەڵکو یەکێك لە سەرمایەدارانی وڵاتی راسپارد بەوەی کە رایبگەیەنێت شۆڕش سوود لە هزری تۆماس جیفرسۆن و ئابراهام لینکۆڵن سەرۆك و دامەزرێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەردەگرن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات ، ئەوەش بۆ خۆپاراستن بوو لەوەی لە هەر هێرشێکی ئەمەریکیی خۆی بپارێزێت ، هەروەکو لە گواتیمالا روویدا ، تەنانەت لە دیداری جێگری سەرۆکی ئەمەریکا (ریچارد نیکسۆن)دا لە نیسانی 1959 دوای نیشاندا کەسێکی سادەیە و دوورە لە مەیلی کۆمۆنیستیی، بەڵام وردە وردە خۆماڵیکردنی پیشەسازییە ناوخۆییەکانی دەستپێکردو لە ساڵی 1960 نەوتی لە یەکێتی سۆڤیەت کری، بەڵام کۆمپانیای پاڵاوتنی نەوت ئەمەریکی رەتیکردەوە کە ئەو نەوتە بپاڵێوێت، بۆیە کاسترۆ بڕیاری خۆماڵیکردنی ئەو کۆمپانیایەی دەرکردو پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتەو ئەمەریکای گەیاندە ئاستێکی زۆر خراپ، ئەمەریکاش گەمارۆی ئابوری سەر ئەو وڵاتەی راگەیاندو تا ساڵی 2015 بەردەوام بوو.

**سەرچاوەکان:**

سکای نیوز عەرەبی، ئاگا پرێس، سایتی (bbc)، سایتی (dw)

http://agapress.net/site/babat/5964

http://www.skynewsarabia.com/web/home

http://www.dw.com/ar

http://www.bbc.com/arabic/world-38114876